# دانیشتنی عەیارانەی دوو هەرمیٚ بۆ ڕەسم گرتن

## قسەیەک لەسەر جوانیی لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغی ـ دا

**ڕەوشت محەمەد**

لەم نووسینە کورتەدا هەوڵدەدەم قسە لەسەر یەک لە جوانییە تایبەتەکانی شیعری دلاوەر قەرەداغی بکەم، دیارە کەدەلێم «جوانیی» بە باوەری خۆم جوانی لە شیعردا واتە کۆی ئەو کارەی کە دواجار شیعر دەیبەخشێتە ئێمە، شیعر بە بروای من دوای هەموو سەرکەشیو یاخیبوونەکانی، دوای هەموو دیوانەبوونو شۆرشەکانی دوای هەموو فرینو ئاشق بوونەکانی لەو سەرەوە شیعر کە دێتەوە دوو دەستی پرن لە جوانیو دەلێ: هانێ مرۆڤ ئەوەم بۆ هێناوی بە بێئەوەی بلێ ئەوە چییە!

خەیاڵی مرۆڤ لەدێر زەمانەوە بەدوای جوانیدا دەگەرێت، هەرسەردەمەو مرۆڤەکان شێوەو رێگای خۆیان گرتۆتەبەر بۆ گەران بەدوای جوانیدا، جوانی بەهەردوو دیوە ئەفسوناویەکەی خۆیەوە دیوە مادی دویوە مەعنەویەکەشی هەمیشە هەر ئامانجی مرۆڤەکان بووە، لە بەشێک لە مێژوی مرۆڤەکاندا ئەم بابەتە»جوانی» هێندە سەری کردووە بە شێوەیەک لە شێوەکان بووە تە ئاینی بەشێک لە مرۆڤەکان.

جوانی دەبێتە سەودای سەری مرۆڤ تا ئەو سنوورەی شێتی دەکات، دەیکاتە عەبقەری، وێڵو سەرگەردانی، دەکات، دەیخاتە هاوارو ناڵە، بێدەنگی دەکات، دەیکاتە داهێنەر، دەیخاتەسەر رێگای هونەر، شیعری پێدەدۆزێتەوە، بە بروای من بۆ هەریەک لە کارو بەرهەمە عەقڵیو رۆحییەکانی مرۆڤ ئەم ئەفسونە لە پشت مرۆڤەوە خەریکی هاندانو دنەدانی مرۆڤە ((لێرە جوانی دڵی بوونە، رەنگی حەقیقەت ئەگۆرێ، لە تاو شەرمی جوانیدا شاخ، دڵۆپ دڵۆپ دائەچۆرێ ـ١ـ))

کاری گەورەی شیعر دۆزینەوەو دروستکردنی جوانییە، ئەگەر بریاربێ شیعر دەورێ بگێرێ لە ژیانی مرۆڤدا ئەوا ئەو ئەرکە بەرهەمهێنای جوانییە.

ئەی جوانی چییە؟ ئەو پرسیارەی کە دەشێ هێندەی ژمارەی مرۆڤەکان وەڵامی هەبێت، ئەوەی کە ئەتوانێ شتێک لەم ئەفسونەنزیکمان بکاتەوە فەلسەفەی گرنگیدانە بە جوانیی: ئێستاتیکا ـ Aesthatica ـ جوانی بە بەردەوامی لەنێو هونەردا کاتو فرسەتی نومایان بوونی هەیە، هەربۆیە قسەکردن لە جوانیی، قسەکردنە لەسەر بابەتێک یاخود هونەرێک کە دەستی بە جوانی گەیشتووە، پەیبردنو چێژ بردن لە جوانیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆرێت، چێژ بردن بە جوانی بەستراوە بە ئاستی هەستیاریو سەلیقەی بینەرو خوێنەرەوە، نەک خودی بابەت یان هونەرەکەوە، گەر جوانی تەنیا پەیوەندی بە بابەتەوە هەبوایە هەمان وەک یەک پەیان پێدەبرد، شیعر بەشیوەیەک کاری خۆی دەکات تا ئەوەندەی مومکینە جوانی بۆبەر زەینو چاوی ئێمە بگوازێتەوە، لەبەردەم هەر شیعرێکیشدا هەرکەسەو هێندەی کە توانای دەشکێ دەتوانێ لەو جوانییە بخوێنیتەوە، ئەمەش کوتکردنەوەو سنوردارکدنی مەهامی شیعر نییە، هێندەی کە رزگارکردنییەتی لە کارێک کە کاری ئەو نییە، لە رابوردوودا زۆرجار ئەو کوڵە نەشیاو و قورسانە لە شیعر بارکراون، پەیامو باری قورسی کۆمەڵایەتیو ئایینیو تەنانەت سیاسیش، شیعر ئەگەر لە حاڵێکدا بچێتە نێو ئەو بازنانەوە لەوێ تەنیا دەگەرێ تا جوانییەکانیان هەڵبگرێتەوە، تەنیا ئەوەندە کاری بەو بابەتانەوە هەیە.

هەربۆیە جوانیی بووەتە خاڵی بەیەکگەیشتنو کۆکردنەوەی هونەرەکان، هەروەک بووەتە هۆی تێکڵبوونو توانەوەی هونەرەکان لە نێو یەکتردا، وەک ئەوەی کە شتێک لە مۆسیقا لەنێو شیعرو شێک لە شیعر لەنێو چیرۆکو ... بەو چەشنە کە هەموو هونەرەکان بەشێکیان لەنێو یەکتردا دەبینرێتەوە.

یەکێک لە دەنگە جوانەکانی شیعری نوێی کوردی دلاوەر قەرەداغی یە کە ئەو گەریدەیەکی هەمیشەیە جوانییەکانە تا بەسەر لێوی شێعرەوە بیاننوسێتەوە تۆی خوێنەریش هەر لەگەڵ یەکەم ماچدا گەلا گەلا جوانی بوەرێتە سەر زەمینی چاوو دڵو رۆحت، شیعر لای دلاوەر دۆزینەوەو وێنەگرتنی ساتە جوانەکانی مرۆڤە، ئەم شاعیرە هێندە راوچیە، راوچی ساتە جوانەکان، بەشێوەیەک زۆر جار من ژیانم لەنێو دوو دێری شیعری ئەودا دۆزیوەتەوە، ژیان بە گەرمو گوریو ئاوێی خۆیەوە، جیاواز لە هەموو ئەو هەوڵانەی گە بۆ نووسینەوەو تۆمارکردنی ژیان ئەدرێن تەنانەت لەکارێکی زیندوی وەکو هونەری سینەماشدا، واتە هونەرێکە وەکو شینەماش بە رەنگو جوڵەوە دەنگەوە نەیوتانیوە هێندەی شیعرێکی دلاوەر ژیانم بە گەرمو گوری نیشان بدات.

ئەم شاعیرە زۆر جوان هەستی بەو حاڵەکردووە کە دەبێ شیعر چی بکاتو چی بلێ، ئەو هەرلەگەڵ یەکەم هەناسەی ناونیشانەوە دەتداتە دەست جوانیی، کۆڵان کۆڵان ئەم راوچیە جوانیت بۆ راو دەکات تا دەست لەدەستەکاتی دەکەیتەوە.

لەم نووسینەدا کۆمەڵێک نمونە لە شیعرەکانی دلاوەر هەڵدەبژێرم لە ساتە جۆراو جۆرەکان ئەو ساتانەی کە هەر بەزیندوویيو گەرمی خۆیانەوە لەنێو ئەو شیعرانەدا دەبینرێنەوە، ئەو ساتانەی کە دەکەنە هەموو ژیانمان، ساتەکانی:

مناڵیو سەفەرو گەرانەوەو ئازادیو ئاشق بوونو بارینو هاورێ بینینو ...تاد.

دوای ئەوەی سەرەوە من تەنیا چەند نمونەیەک دەهێنمو ئیتر بەبێدەنگی خۆم ئەکشێمە دواوە، (( نەوەک درز بەرێ چینی تەنیایی» شیعرەکانی دلاوەر.

*ـ من لەوێدا*<br>
*بە جاتاییەکی قاوەییەوە*<br>
*راوەستاوم لەژێر درەختێکدا*<br>
*لە دڵەوە بە یەکێک دەڵێم: خوا حافیز*<br>
*بەفر دڵم دەدەنەوە*<br>
*دەپرژێنە چاوم.....*<br>
*جانتاکەم هەڵدەرێژن*<br>
*هەموو هەتاوەکەم دەدەن لە خۆیان*<br>
*پێیان دەڵێم:*<br>
*ئاخر ئەی بەفرە ئاقڵەکان*<br>
*من ئەو هەتاوەم داناوە*<br>
*بۆ ئێوارانێ کەدێ*<br>
*چوار پێنج وشە بەگوێی*<br>
*کەسێکدا دەچرپێنمو دەرۆم*<br>
*ـ بفرە کەتۆ ئیدی*<br>
*خەونی باخچە یەر براوەکانت هاتە دی*<br>
*بیبە لەهەر زەریایەک قومێک ئاو*<br>
*لەهەر کانییەک دەنکێک زیخ*<br>
*لە هەر حەکایەتێک مورویەک....*<br>
*بفرە کەتۆ ئیتر*<br>
*شەوێکیان خەونت بە هاوینەوە بینیو*<br>
*بە یانی کە وەئاگا هاتیتەوە*<br>
*رووتو قوت*<br>
*زەنگوڵ زەنگوڵ شیلەی هەتاون لێدەتکاو*<br>
*کوتو پر یەکێک چرپاندی بەگوێتا*<br>
*چاوەکەم بفرە ... ئاخر ئەم رووتییە*<br>
*مانای ئەوەیە ئیتر تۆ ئازادیت.*<br>
*ـ کیژێک بەلامدا تێپەری*<br>
*کڵاوە مورەکەی داکرت*<br>
*ئێوارە باسمان لە یەکتر کرد*<br>
*قۆخێکی بەشرامو گوتی:*<br>
*تا باران هێو دەبێتەوە*<br>
*دەتوانیت بێیتە ژێر چەترەکەم.*<br>
*ـ وێنەیەکمان بگرە*<br>
*وێنەیەکی رەشو سپی بەکۆمەڵ*<br>
*دەشێ یەکتر نەبینینەوە ئیتر*<br>
*وێنەیەک کەپشتمان لە چوڵەوانیبێو*<br>
*کە ئەوبەرلامان تەنیایيو*<br>
*کە خەمبار لەنێو چیمەنێک باراندا*<br>
*راوەستا بینو*<br>
*دەستمان نایێتە ناو دەستی یەکتر.*<br>
*ـ هێندە عاشقم کە هەردەلێی*<br>
*لەحزەیەکی تر نابا دەمرم*<br>
*هێندە دڵتەنگم کە هەر دەلێی*<br>
*لەحزەیەکی تر نابا*<br>
*تا هێزم تێدایە دەفرم.*<br>
*ـ لە ترومبێلەکەدا بەشێرزاد دەلێک:*<br>
*مامۆستا با زۆر بە ئەسپایی*<br>
*وەک نیشتنەوەی پەرەسێلکەیەک*<br>
*لە دەرگای ماڵەکەی کاک ئازاد بدەین*<br>
*ئەو پێدەکەنیو وەلامم دەداتەوە*<br>
*باشە چاوەکەم.. وادەکەین.*



# «ئەودیو ئیمپراتۆریەتی باوک» لە حەسارو سەگەکانی باوکم-دا

عوزەیر عوسمان

سەرەتاکانی ژیانی مرۆیی بە دەسەڵاتی ژن دەستی پێکردووە، لەناو هەر گەلێکدا ژن پێگەیەکی سیاسییو کۆمەڵایەتیی بەهێزی هەبووە، ئەمە بە رای کۆمەڵناسەکان کە پێداگریی لەسەر دەکەن، دواتر بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە دەسەڵات بووەتە دەسەڵاتی پیاو کە ناوی لێنراوە باوکسالاریی یان پیاوسالاریی. لە کۆمەڵگای پیاوسالاریشدا وەک فەرهاد پیربال دەلێت: هەمیشە کوإ بەرامبەر باوک دۆإاوە چ بگات بە کچو هەروەها ژنیش. ئەو دەقەی کە شێرزاد لەژێر ناوی حەسارو سەگەکانی باوکمدا نووسیویەتی، جوانترین وێنەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تابلۆکانی باوک یاخود سنووری بەهێزەکانی دەسەڵاتی باوک، سەراپای ژیانی گەنج دەخەنە مەترسییەوە کە بە هیچ جۆرێک ناهێڵێت بگاتە پێشکەوتنو هوشیاربوونەوە. ئێمە لەو دەقەدا بە دەسەڵاتێک ئاشنادەبین کە دەسەڵاتی نەریتەو پێگەیەکی گەورەی کاریزماتیکی بەخشیوەتە مرۆڤێک بەناوی باوک. باوکێک هەست پێدەکەین دەیەوێت گەمەیەکی گەورە بەرپا بکاتو پاڵەوانی مەیدان بێت بە چەندین سنووری پارێزگاریکردنەوە، کە ترسیان لەوە نەبێت دەسەڵاتەکەی لێ بسەنرێتەوە. باوک لەم گەمەیەدا سەر بە کایەی پیرۆزە، لەنێو ئەم کایە پیرۆزەوە بەدەر، هەموو پۆخڵو خراپییەکان دەدرێنە پاڵ چینی خوارەوە، کە ئەو دەسەڵاتیان بە سەرەوە دەکات. لەناو ئەم تابلۆیانەدا کە بۆ چینی ژێردەستە دادەنرێت، فۆإمێکی ملکەچیی هەیە کە وادەکات ئەو دەسەڵاتانە پارێزراوبنو رێگە بە بینینی ئەودیو تابلۆکان نادرێت، وەک لابۆتی دەڵێت: ئەو کەسانەی کە لەژێر رەحمی ئەو دەسەڵاتە بەناو پارێزەرانەن، بە سروشت وا فێردەکرێن کە ملکەچبوون ئەوپەإی عەقڵانییەتەو بێ هەبوونی دەسەڵاتی پارێزەر (کە لە راستیدا سەرکوتکەرە!) ژیان دەکەوێتە مەترسییەوە. لەم دەقەدا وەک ئاماژەی پێکرا، دەسەڵاتێکی باوکسالارییانەی رەها کە شێوەیەکی دیکتاتۆریانەی دەسەڵاتی سیاسیی درێژکراوەیە، هەست پێدەکرێت. کۆمەڵگای ئێمە بەردەوام لەناو بازنەی ئەم رەهاگەرییەدایە، تەنیا باوک چارەنووسی تاکەکان دیاریی دەکات، ئەو حەسارەی کە باوک وەک دەسەڵاتی یەکەم بۆ ئێمەی داناوە، زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت بشکێنرێت.

بە زەحمەت دەتوانرێت جیاواز لەو حسارەدا ژیان بکرێت، چونکە ژیانکردن بۆ هەر تاکێک لەودیو حەساری باوکەوە، هاوإێیە لەگەڵ ئازاردانی جەستەیی سەگەکان، ئازار چەشتنێکی ویژدانیی زۆر کە لە نەستەوە پێمان دەڵێت: باوک پیرۆزترین کائینەو پێویستە زوڵمو زۆریی ئەو وەک پاداشتێک حساب بکرێت.

لەو دەقەدا شتێک کە ئیرادەی تاکەکانی ناو حەسار دەإووخێنێت، هاوکارییو هاوسۆزیی ئاژەڵەکانە بە سەگەوە، کە هەر هەڵەیەکی ناو حەسار لەلایەن چینی ژێردەستەوە ببینرێت، مەحکوم بە مەرگ دەکرێتو بە لادان لە پیرۆزیی لە قەڵەم دەدرێت. ململانێی ناو حەسار (کۆمەڵگا) بۆ دەسەڵات گرتنەدەست لەم دەقەدا بە روونی بەرچاو دەکەوێت، کاتێک باوک هەموو شێوازەکان دەگرێتەبەر بۆ درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خودی خۆیو رێگەی ملکەچیکردن پیشانی ژێردەستەکانی دەدات، لەم ململانێیەدا دوو رێگەی بەرەنگاربوونەوە هەیە: یەکەمیان باوکە کە بەرەنگاری هەموو لادانێک دەبێتەوە بە بیانووی پارێز گاریکردن، دووەمیان لەلایەن چینی ژێردەستەوەیە ئەویش بە هۆشیارکردنەوە دەبێت، کاتێک ئەو چینە هۆشیاربوونەوە بە زوڵمو نایەکسانییەکان، بإیاردەدەن رێگایەک بدۆزنەوە بۆ نەهێشتنو سەرکوتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە دەیانچەوسێنێتەوە. حەسار ئارامەو هەموو تاکەکان بە ئاژەڵەکانیشەوە لە ستایشو پیرۆز راگرتنی دەسەڵاتی باوکدان، لە فەلسەفەیەکی بێدەنگ زیاتر هیچ رقێک بەرامبەر دەسەڵاتی باوک سەرهەڵنادات، شۆإش دژی باوک دەستپێدەکات، ئەمەش دوای ئەو هەموو زۆرداریيانەی باوک کە بە تەنیا بۆ ژێردەستەکانی پیادەیان دەکاتو لەبەردەم تاقیکردنەوە گەمەکاندا دایان دەنێت، هەموو کارێک بۆ باوک پیرۆزەو رێگە پێدراوە، لە بەرامبەر هەر لە پەیمان دەرچوونێکی نێوان باوکو ژێردەستەکاندا، پاساوێک خۆی حەشاردەداتو دێتەکایەوە، پێویستە لە بەرامبەر سەرپێچییەکانی باوکیشدا ژێردەستەکان ستایشی بکەنو پارێز گاریکردنیان بۆی دووپاتبکەنەوە، هێرش کردنە سەر حەزو ئارەزوو، هەروەها پێداویستیی ژێردەستەکان، ئاگری ململانێی نێوان خاوەن دەسەڵاتو چەوساوە دروستدەکات. لە حەساردا کاتێک بإیار لەسەر کوشتنی باوک دەدرێت، ئیدی ترسێک دروستدەبێت لەسەر ئەوەی کە چەوسێنەر شوێنی خۆی بداتە کێ، باوک ناتوانێت تا کۆتایی پاڵەوان بێت، بەڵام لە رووی واتاییەوە پاڵەوانێتییەکەی لەدەست نادات. بەڵا وایە دوای نەمانی باوک، سادەییو بێ ئیرادەیی تاکەکانی ناو حەسار کێشەو گرفتی گەورە دەکەوێتە نێوانیانەوە، حەزەکان دەبنە غەمی دوانەهاتوو، دەسەڵاتێکی باشتر ناتوانێت نە رۆڵی چەوسێنەرێکی پارێزەر، نە رۆڵی ئەکتیف بگێإێت، باوک جەستەیەکی لەبن نەهاتووە، هەندێک لە تاکەکان پەشیمانن لەوەی کە پیرۆز نەماوەو ئیتر دەسەڵاتێکی یان سروشتی چەوسێنەر شوێنی خۆی بەهێزکردووە، ژیان ئیتر لەودیو حەسارەکەوە نەگبەتییونەهامەتییەکی گەورەی بەدواوەیە بۆ ئەوانەی کە ئاواتیان بوو ئەو ستەمکارییە لەناوبەرن.




ژیان لەژێر رەحمی دیکتاتۆری باوکدا ئاواتێکی دیکەی ئەوانە، کاتێک جێگرەوەیەکیان نییە بۆ دەسەڵاتو باوک بە هەموو گەندەڵییەکانییەوە هەر پیرۆزە لەلایان. لە دەقی حەسارو سەگەکانی باوکمدا، ئێمە تێدەگەین کە چەند چەوسێنەری باوک بووەتە شتێکی ئاسایی لە ژیانی ئێمەدا، کاتێک هەوڵدەدەین ئەو دەسەڵاتە لەناوبەرین چەند خۆمان بە تاوانبار دەزانین، ژیان لە دەرەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی باوک، بۆ ئێمە بێ ئیرادەیە، چەندە شیوەنێکی گەورەیە، ئێمەش چەندە سادە دەإوانینە ئەوەی کە سەراپای ژیانو حەزو ئارەزووەکانمان لەلایەن نەریتی دواکەوتووەوە داگیرکراوەو لە چارەنووسی ئەودیو ئیمپراتۆریەتەکەی باوک دەترسین.